
# خۆر لەتاقی ئاسمانە

## ئەحمەد دەشتی





ئای لە مێژە چاوەڕوانم
ئازارەکان ببڕێنەوە
لە ناو دڵ و دەرونی من
خەمەکانم بسڕێنەوە
بۆ هەتایەمن ببینم
کوردستانم سەربەخۆبێ و
ئارامیەکان خۆ بنوێنن
لە دەروونی بریناثم
شعرەکانی شادمانی و
سەربەخۆیی نیشمانم
بۆ هەمیشە بهۆنمەوە
لە کەناری هۆزانی شاد
چی ئازارمە بیبڕێنمەوە
لە دەروونم کە دەڕوانم
سەدان سرودی بەختەوەری
کوردستانە ئازیزەکەم
ئامادەنە لە دایک بن
لەو بەرزاییە کە دەڕوانم
وا خەریکە خۆرەتاوم دەردەکەوێ
لە سەر دۆندە دوور دوورەکان
ئارامیەکان لێم دیارن و دەیان بینم
لەو بەرزاییە و لەو سەرانە
ئەستێرەکان پرشنگ دەدەن
مانگی چواردەمگەش دەبینم
تیشکی روونیان دەهاوێژن و
تارماییەکان دەبڕێننەوە
گەلێ ژانی بریناثم وەدی کردن
لە گشت وەرزی سالانیشم
کەویە بەفری سپی قەدپاڵ
دای هێنایێ و هەرچی هات و
لەم دڵەی من کە نیشتەوە
خەم و ژان و
بەفری ساردی سپی لوتکە و
تەمی ئاسۆی بەیانم بوون
چی کە بینیم

ئاوی چاوی پڕ قوڕاوی و
گریەی شەوی ئازارم بوون
چێ کە بۆم هات
شەوانی غەش
ژینی بێ بەش
بەختی زۆر ڕەش
هاوەدەمانی رۆژگارم بوون
هەر دەهاتم و
ڕێگە و بانم هەر هەورازو
پڕ لە دڕک و
هۆرەی داری ئازادیم بوون
جەستەم تەژی
برینانی بێ هەتوان بوون
سالەهایە لە کێلگەی زام
بە ژانی دڵ دەخولێمەوە
هیواکانم وەدی نەهات
ڕۆژگارانی گەل و هیوای وەلاتی من
هەرچەپ گەڕاو
دڕندەکان دەمیان تێنام خوینیان ڕشتم
شەوو ڕۆژم هەر گریان بوو
ئەوا ئەمڕۆش وا خەریکە
ئاسۆکانم ڕوون دەبنەوە
شەوی تارو قەقنەسی من
بۆ هەتایە دەبڕێنەوە
خورەتاوم وا خەریکە
لەو بەرزاییە و ترۆپکەکان
بۆ هەمیشە بمێننەوە
بەلام ئەگەر وریا نەبین
زاناو پاک و بێ گەرد نەبین
دەستی پیس و تەرەس دیسان
لە ئارایە و پێمان دەلێ
گەر یەک نەگرین
گشت بۆ یەک و هەڤال نەبین
ئەوا دیسان نەهامەتی کورد دێتەوە
دەستی ڕەشی داگیرکەران درێژ دەکرێ
دوژمنانی پەست و ناکەس گشت دێنەوە
بەیادی سەردانەکەی هێژا بارزانی سەرۆکی کوردستان بۆ ئەمەریکا26.10.2005.